# دیدارەکانی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو



## لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا کۆبووەوە

(٢٠١٢/١/١١) بەڕێز (مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو پێشوازی کرد لە شاندێکی باڵای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سوریا، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (عەلی شەمدین، مەحمود محەمەد، دکتۆر مەحمود عەرەبو، بەهجەت بەشیر، نوری بریمو، هۆشەنگ دەرویش و شەلال کەدو).

لەو دیدارەدا ئەمینداری گشتی یەکگرتوو وێڕای بەخێرهێنان و نرخاندنی خەباتی گەلی کوردی سوریا بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی خۆی، گوێیان گرت لە ڕوونکردنەوەی میوانەکان لەسەر واقعی سیاسیی وڵاتەکەیان و ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی سوریا.

هەروەک دەستخۆشی کرد لە شاندی میوان بۆ هەنگاوی یەکخستنەوەی ناو ماڵی کوردی سوریا و پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە.

پاشان ئەمینداری گشتی یەکگرتوو جەختی کردەوە لەسەر هەڵوێستی نەگۆڕی یەکگرتووی ئیسلامی لە پشتیوانی و هاوسۆزی و هاوخەباتی بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای گەلەکەمان لە سوریا و، ڕزگاربوونیان لە چنگ ستەمی ڕژێمی بەعسی ئەسەدی.

هەر لەم خاڵەدا لەسەر ڕەوایەتی و حەقانیەتی گەلانی سوریا لە شۆڕشەکەیاندا وەستا و هاوسۆزی نواند بۆ ئەو هەموو خوێنەی کە ڕۆژانە بە دەستی هێزە ئەمنیەکانی ڕژێم دەڕژێ.

هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر دوورخستنەوەی شۆڕشەکە لە جەنگی تائیفی و خوێنڕشتن و توندوتیژی، لەگەڵ پێداگرتنی کورد لەسەر مافی خۆی وەکو پێکهاتەیەکی دووەمی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا.

## دانیشتنی لەگەڵ فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

(٢٠١٢/١/١٢) بەڕێز (مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) بە ئامادەبوونی بەڕێزان (د.محەمەد ئەحمەد - سەرۆکی ئەنجومەنی شورای گشتی) و (سەعید عەلی عەبۆ - ئەندامی مەکتەبی سیاسی) لەگەڵ فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەران کۆبوویەوە. لە دیدارێکدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند، تاوتوێی گۆڕانکارییەکانی ئەمدواییەی بەغدا کرا.

لە وتەیەکیدا بەڕێز ئەمینداری گشتی ڕۆڵی ئەندامان و فراکسیۆنی یەکگرتووی بەرز نرخاند و ستایشی چالاکیەکانی کردن، کە لە نموونەی پابەندبوون و خەمخۆرین بۆ نوێنەرایەتی یەکگرتوو و نوێنەرایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان، کە بەردەوام لە سەنگەری داکۆکیکردندان لە مافە ڕەواکانی هەرێم و پاراستنی دەستکەوتەکانیدا، لەگەڵ ئەوەی چاودێرێکی بەهێزن لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکاندا لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان و هاوهەڵوێستی کوردیان پاراستووە لەمەڕ مەسەلە چارەنووسسازەکانی پەیوەندیدار بە هەرێمەوە.

سەبارەت بەو دەنگۆیەش کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو بوویەوە، گوایە بەڕێزان (بەکر حەمە صدیق و ئوسامە جەمیل - پەرلەمانتارانی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەران) سڕکراون، بنەمایەکی نییە، تەنها باس لە هەندێ لێدوان بووە، کە پەیوەندیدار بووە بە هەڵوێست لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان لە کاتی خۆیدا.

لە کۆتاییدا ئامادەبوان کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە لایەنی کوردستان بە دیدێکی ڕۆشنتر و بە بەرنامەیەکی تۆکمەترەوە مامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان بەغدا و هەرێمدا بکەن لەم قۆناغەدا، بۆیە لەم بوارەدا ئەندامانی فراکسیۆن دید و بۆچوونی خۆیان بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لە عێراقدا، خستە ڕوو.



## پێشوازی لە نوێنەری تیمی عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەکات

(٢٠١٢/٠١/١٢) ئەمینداری گشتی یەکگرتوو پێشوازی کرد لە (لوک بولوک - نوێنەری تیمی عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا).

لە دیدارێکدا کە هەریەک لە بەڕێزان (عومەر ئیسماعیل - ئەندامی مەکتەبی سیاسی) و (هەڵکەوت عەلی - کارگێڕی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکگرتوو) ئامادەی بوون، پەیوەندی توندوتۆڵی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە ڕێزەوە هەڵسەنگێنرا.

هەروەها لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق بە گشتی و بارودۆخی ناهەمواری نێوان لایەنە سیاسیەکان دووان، کە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق و ئەزموونە حوکمڕانیەکەی.

هەروەها بارودۆخی ناوخۆی کوردستان و ڕووداوەکانی ئەمدواییەی بادینان و سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو تەوەرەیەکی تر بوو.

لەبارەی داهاتووی حکومەتی هەرێم و کابینەی حەوتەمەوە، ئەمینداری گشتی ڕایگەیاند وەک ئۆپۆزسیۆن چاوەڕێی جێبەجێکردنی (٦) پاکێجەکەین، کە پێشکەش کراوە و هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان.

## پێشوازی کرد لە لیژنەی یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان

١٤-٠١-٢٠١٢ مامۆستا (سەلاحەددین موحەمەد بەهائەددین) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوازیان کرد لە (لیژنەی یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان) کە پێکهاتبوو لە نوێنەرانی ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ..(سەنتەری هودا بۆ توێژینەوەی ستراتیژی ، فیدراسیۆنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ، یەکێتی لاوانی کوردستان ، ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکانی کوردستان ، ڕێکخراوی را بۆ پرسە نەتەوەییەکان ، سەنتەری گارا ، ڕێکخراوی وارڤین بۆ پرسەکانی ئافرەت ، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ) ، لەمیانەی کۆبونەوەکەدا وەفدی میوان ئامانج لە دەستووربوونی لیژنەکەیان خستەروو کە بریتیە لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە ناوخۆییەکانی هەرێم و یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردی.

لەلایەن خۆشیەوە بەڕێز ئەمینداری گشتی پاش بەخێرهێنانی وەفدی میوان هەڵوێستی نەگۆری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی سەبارەت بە پرسە نەتەوەییەکان و گرنگی یەک گوتاری سیاسی هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەزمانی دیالۆک و سەروەری یاسا خستەروو.

لەتەوەرەیەکی تردا بەڕێزیان تیشکی خستە سەر ڕاستی ڕووداوەکانی دەڤەری بادینان و سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و ئەو ستەمەی کەلە یەکگرتوو لەو ناوچانەدا کرا.

## پێشوازی کرد لە دکتۆر تارق هاشمی

هەمان ڕۆژ ئەمینداری گشتی یەکگرتووبەئامادەبوونی (موحەمەد فەرەج) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و (سەعید عەبدولرەحیم) ئەندامی شورای گشتی پێشوازیان کرد لە بەڕێز دکتۆر (تارق هاشمی) جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و شاندێکی هاورێی.

لەدیدارێکی دۆستانەدا باس لەدوا گۆرانکارییەکانی سیاسی عێراق و زەرورەتی چارەسەری نیشتیمانی و دەستوری بۆ گرفتەکان و گەرانەوە بۆ ڕێکەوتنی شەراکەتی نیشتیمانی و ئاشتەوایی پێکهاتەکان کرا.

لەتەوەرێکی تردا تیشک خرایە سەر مەسەلە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغداو بەپێویست زانرا کە کۆتایی بهێنرێ بەکێشەکان لەرێگەی گەرانەوە بۆ دەستور و خوێندنەوەی بەرژەوەندی دراوسێکان و چارەسەری گرفتی ناوچە جێ ناکۆکەکان بەشێوەیەک کە مافی هەردوولا بپارێزرێ.

لەکۆتایدا دکتۆر هاشمی باسی لە کێشەکەی خۆی کرد و رەتی کردەوە کە دەستی لەو کارە ئیرهابیانەدا بووبێ و ئامادەیی دەربری بۆ چوونە بەردەمی دادگایەکی سەربەخۆ.



# کەناڵی (ژیوا) دەستی بە پەخشی ئاسایی خۆی دەکات



شەوی (١٠ - ٢٠١٢/١/١١) کەناڵی تەلەفزیۆنی ژیوا بە شێوەزاری هەورامی لە ناحیەی خورماڵ دەستی بە پەخشی ئاسایی خۆی کرد و لە ئێستاشدا پەخشەکەی ناوچەی شارەزوور و خورماڵ و هەورامان و هەڵەبجە دەگرێتەوە.

(ئەمین حاجی - بەڕێوەبەری ئەو کەناڵە) ئاماژە بەوە دەکات کە لە داهاتووشدا پەخشی تەلەفزیۆنەکە بەرفراوانتر دەکەن، بەشێوەیەک ناوچەکانی هەورامانی ڕۆژهەڵاتیش بگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی پەخشی تەلەفزیۆنەکە زۆربەی سنوری پارێزگای سلێمانیش بگرێتەوە و سەرجەم بەرنامەکانیشی بە شێوەزاری هەورامی پێشکەش دەکرێن.

جێگەی ئاماژەیە تەلەفزیۆنی ژیوا سەر بە سەنتەری ڕۆشنبیریی ژیوایە و پەخشی سەرەکی لە شارۆچکەی خورماڵە و ماوەی چەند ڕۆژێکە بە شێوەیەکی ئەزموونی کار دەکات بە شێوەزاری هەورامی، تەواوی کارمەندەکانیشی بە خۆبەخشانە کار دەکەن.

شایانی باسە تەلەفزیۆنی ژیوا کەناڵێکی لۆکاڵی سەربەخۆیە، بە هاوکاری خێرخوازان و کارمەندی خۆبەخش کار دەکات، ئامانجی بووژاندنەوە و زیندووڕاگرتنی کەلەپوور و کلتووری هەورامانە.

# پڕۆژەی (خەندەی نازداران) هاوکاریی بەسەر منداڵی نازداردا دابەش کرد



پرۆژەی (خەندەی نازداران) لە دەنگی یەکگرتوو - ڕادیۆی سلێمانی، هاوکاریی دوو مانگی بەسەر (٨٠٤) منداڵی نازداردا دابەش کرد.

(عوسمان سەنگاوی - سەرپەرشتیاری پرۆژەی خەندەی نازداران) ڕایگەیاند کە بە یارمەتی خێرخوازانی شاری سلێمانی و دەوروبەری، هاوکاریی دوو مانگی (١٢) و (١) بەسەر (٨٠٤) منداڵی نازداردا دابەش کرا.

سەنگاوی وتیشی :»ئێستا لە چوارچێوەی پرۆژەی خەندەی نازداراندا زیاتر لە (٨٠٠) منداڵی نازدار مانگانە بە بڕی (٥٠) هەزار دینار هاوکاری دەکرێن»، چاوەڕوانن بە هاوکاریی خێرخوازان ئەو ژمارەیە زیاتر بکەن.

شایانی باسە پرۆژەی خەندەی نازداران، کە سەر بە بەرنامەی گوڵستانی دەنگی یەکگرتووی ڕادیۆی سلێمانییە، لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە بەردەوامە.

سەرپەرشتیاری ئەم پرۆژەیە ڕایگەیاند کە دەرگای پرۆژەکەیان لەبەردەم خێرخوازاندا کراوەیە و هەرکەس بیەوێت منداڵی بێ باوک بۆ ماوەی ساڵێک کەفالەت بکات، ئەوا دەتوانێت پەیوەندییان پێوە بکات.